- ئەم هۆکارانە چین کە وایان کردووە ڕۆمانی کوردی بە گوێرەی خواست و ئاواتەکانی خوێنەرانی نەبێت و لەچاو ڕۆمانی گەلانی دونیادا لەپاش بێت؟
- چ شتێك وای کردووە کە کۆمەڵگەی کوردی نەتوانێت برەو بە ڕۆمان بدات وەك شیعر؟ هۆکارەکانی پاشکەوتنی ڕۆمان لە کۆمەڵگەی کوردی دەگەڕێنیتەوە بۆ چ هۆکارێك؟
- هەریەکە لە ڕۆمان و شیعر لەدایك بووی چ کۆمەڵگەیەکن وە ئەمە چۆن لە کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگی داوەتەوە؟
- باسی دەسپێکی (قۆناغی بەرایی) ڕۆمانی کوردی بکە وەك دەقێکی ئەدەبی و ڕۆمانەکانی ئەم سەردەمە دەستنیشان بکە.
- قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی بژمێرە و باسی قۆناغەکانی دامەزراندن و گەشەسەندنی بکە.
- بۆچی زۆربەی شارەزایانی بواری ڕۆمان بۆچوونیان وایە کە نابێت ڕۆماننووسانی کورد لاسایی ڕۆمانی ئەوروپی بکەنەوە، وە پێویستە ڕۆمانی کوردی چ تایبەتمەندییەکی هەبێت؟
- ڕۆمانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و دەوڵەتە سۆشیاڵستەکان چ خاسڵەتێکیان هەبوو، وە بۆچی سەرکەوتوو بوون لە دروست کرنی ژانرای تایبەت به خۆیان؟ بە ووردی باسیان بکە.
- ڕۆمانی ئەمریکای لاتین چ خاسڵەتێکیان هەبوو وە بۆچی سەرکەوتوو بوون لە دروست کرنی ژانرای تایبەت به خۆیان؟ بە ووردی باسیان بکە.
- بۆچی کۆمەڵگەی کوردی شیعری لەلا زیاتر بایەخدار بووە وەك لە ڕۆمان؟ بە ووردی باسیی هۆکارەکانی بکە.
- ڕۆمان چی یە؟ چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ هەریەك لە شیعر و چیرۆکدا؟ بە ووردی لەسەر ئەمە بدوێ.
- ڕۆمان و کورتە چیرۆك لە چیدا وەکو یەکن وە لەچیدا جیاوازن؟ بە ووردی باسیان بکە.
- ڕۆمان لە ئەوروپا چۆن سەری هەڵداوە و هۆکارەکانی پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆمان لە وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی بەریتانیا چی بوون؟ باسیان بکە.
- ئەم تایبەتمەندییانە چین کە پێویستە بە دەقێکی ئەدەبی بگوترێت ڕۆمان؟ باسیان بکە.
- تۆ وەك قوتابی زانکۆ لە بەشی کوردی، ڕۆمانی کوردی لەسەردەمی ئەمڕۆدا چۆن دەنرخێنیت و چۆن دەبینیت؟
- ڕۆمانی کوردی لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە زۆری باس لە چی دەکات و لە چ لایەنێکی کۆمەڵگەی کوردی دەکۆڵێتەوە؟
- چۆن و بەچ شێوازێك دەتوانرێت برەو بە ژانرای ڕۆمانی کوردی بدرێت لە کاتی ئێستا و داهاتوودا؟ باسیان بکە.